Kurdistannet کوردستان نێت

# مەرگی رۆژنامەی کاغەر نزیک بۆتەوە



نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

رۆژ دوا رۆژ راگەیاندنی ئەلکترۆنی زیاتر خۆی تازە دەکاتەوە، پێشکەوتنێکی زۆری پێوە دیارە ئەو خێرا پێشکەوتنە بە بروای شارەزایانی بواری راگەیاندن, پێشکەوتنەکە زۆر زیاتر بووە لەوەی پێشبینی کراوەلەلای هەندێکیشیان جێگای رامان و سەر سومانە. بەهۆی ئەو بەرەو پێشچوونەی بواری راگەیاندنی ئەو زانیاریانەی کە لەرێگەی ویب سایتەکان دەگات بەوەرگر، ئەو هۆکارەش بۆتە هۆی کەم بونەوەی خوێنەری رۆژنامە کاغەزییەکان تەنانەت تەلەفزیۆن و رادیۆکانیش. کۆمپانیا تایبەتیەکانی بواری رۆژنامەو راگەیاندن بەهۆی دابەزینی ئاستی خوێنەرانیان تووشی قەیرانی مادی بوون، زۆرێکیش لەم کۆمپانیانە هەوڵی گۆرینی رێرەوی کارەکەیان داوە بۆ بەرهەم هێنانی گشتی، گروپی( نایت ریدر)ی رۆژنامەوانی کە خاوەنی 30 رۆژانامەیە لەئەمریکا دوچاری کەم و کورتی دارایی بوو بە هۆی کەم بوونەوەی رێژەی فرۆشتنی رۆژنامەکان بۆیەبرِیاری دا کە بەشێك لەبەشەکانی کۆمپانیاکەی بفرۆشرێت. لەبەر خراپی باری ئابوری رۆژنامەکان و کەم بوونەوەی سەرچاوەی داهات. ئەم قەیرانە تەنها رۆژنامەکانی نەگرتۆتەوە بەڵکو گۆڤارە گەورە و بەناوبانگەکانی وەك نیورك تایمز , بویتس نیوزی گرتۆتەوە . گۆڤاری تایم دووچاری کەم بوونەوەی قەبارەی ریکلام و کەم فرۆشی بۆتەوە . بۆیە برِیاریدا دەستبەرداری 205 کارمەند ی بواری رۆژنامەوانی بێت، کارەکەی لە کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی گۆڤار بگۆری بۆ کۆمپانیایەکی فرە بەرهەم .

لەراپۆرتێك دا کە پەیمانگای پرۆژەی ئیمتیازی رۆژنامەوانی سەر بە خوێندنگەی رۆژنامەوانی زانکۆی کۆلۆمبیا داهاتووە کە سالی 2005 سەرەتای مەرگی رۆژنامەی کاغەز بوو ، لەو روانگەیەوە کە راپۆرتە رۆژنامەوانیەکانی باس لەو هەواڵە غەمگینانەی رۆژنامە گەورەکان دەکەن. رۆژنامەی نیورك تایمز برِیاریدا دەست بەرداری 160

رۆژ نامەنووس و نووسەرەکانی بێت. بەهەمان شێوە رۆژمنامەی لوس ئەنجلوس بریارپێدا دەستبەردای 85 رۆژنامەنووس و نووسەر بێت . سەرەکی ترین هۆکاری ئەم قەیرانەی رۆژنامەی کاغەز, خێرا بلاوبونەوەی هەواڵە لەسایتە ئەلکترۆنیەکان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا پەرەسەندنی ئەنتەرنێت و بلاوبوونەوەی ویب سایتی ئازاد و کراوە. ئەوەی کە پێشتر خەڵکی لە چاوەروانیان بوون بۆ بیستن و خوێندنەوەیان، هەنوکە ئازادانە بێ سانسۆر و بەخێراترین شێوە لەدەرگای خوێنەر وبینەر ئەدات کەسیش ناتوانێ سانسۆریان بکات.ئەم دیاردەیە هەر تەنها لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان دەنگی نەداوەتەوە بەڵکو لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دیموکراسی و ئازادیش کاریگەریان دروست کردووە.

لەم ئاماژەییە دەردەکەو کە کاریگەری و پاشەکشە لەکارەکەیان لەنێو دەزگا راگەیاندنەکانەوە دیارە لەئەمریکا بۆ نمونە ئەو پێنج دەزگا راگەیاندنی ئەمریکا دەخەینە روو کە لە نێوان سالآنی 2004–2005 گۆڕانیان بە سەردا هاتووە:

| | 2005 | 2004 |
|---|---|---|
| سی ئێن ئێن | ٪23.1 | ٪22.0 |
| یاهوی هەواڵ | ٪21.5 | ٪24.0 |
| ئێم ئێس ئێن بی سی | ٪210 | ٪23.4 |
| ئەی ئومل هەاڵی | 14.6 | ٪16.2 |
| رۆژنامەی سەرچاوەکانی هەواڵ | ٪11.3 | ٪11.8 |

لێرەدا ئەو کاریگەرییەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە نێوان سالآنی 2004–2005 لەنێو دەزگاکانی هەواڵ و دەزگاکانی راگەیاندنی ویب سایتەکانی ئەنتەرنێت بە پلەی دووەوە بۆتە پلە یەك و سی ئێن ئێن لەپلە یەکی سەرچاوەی هەواڵ بۆتە پلە سێ.

ئێم ئێن ئیچن بۆ پلەی سێچ لەرێگەی بایەخدانی ویب سایتەکانی بۆ خێراتر بلاو کردنەوەی هەواڵ لەپلە سێیەمەوە چۆتە پلەی دووەم وەك سەرچاوەی هەواڵ بۆ خوێنەرو بینەر . ئۆئیلش کە سەرچاوەکەیەکی ئینتەرنێتە بۆ گەیاندن و بلاوکردنەوەی هەواڵ تێکرا بە شێوەیەکی زۆر ست گەشەیان کردووە کە دەکرێت ئەم گەشەکردنەش بە بەرداورد لەگەل˘ سەرچاوەکانی تری هەمان پاشەکشە لەقەڵەم بدرێت .

لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە خێراییە دەبێ رۆژنامەنووسە گەورەکانی دوای راگەیاندنی نووسراو لەبەرامبەر ئەم پێشکەوتنەی ئەنتەرنێت وەك سەرچاوەی هەواڵ بکەونە خۆیان بۆ بایەخ پێدان و بەخۆ داچوونەوەیان و لێبکۆڵینەوە بۆ دەزگاکانی وەك تەلەفزیۆنی و رۆژنامە وەك سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ و رێژەی خوێنەرو بینەریان بکەن بەرپرسێکی هەواڵ لەتەلەفزیۆنی (سی. بی. ئیس) دەڵێ بینەر لەبەکارهێنانی ئەنتەرنێت هەر تەنها وەرگر نیە بەڵکو دەتوانێت لە هەمان کاتیش پرسیار بکات، بە ئارەزوی خۆی هەواڵ هەڵبژێری ئینجا ئەتوانێ ویچنەی ڤیدیۆی هەواڵەکانیش بینێ، کە هەرگیز ئەمە لە (سی. بی. ئیس) روونادات لەهەمان کاتدا ئەوەی دەیانەوێ ئەوتانن لەلای خۆیان هەڵیبگرن (بابا سسبچییەری ) تەمەن 69 لە ژووری هەواڵ دەڵێ: ئێمە

لەبایەخی ئەم کاریگەریانەی دوای ساڵی تر ناگەین، نایشارینەوە کە ئێمە ڕۆژانە کاتێکی زۆر لەبەرامبەر ویب سایتەکان بە سەر دەبەین ڕۆژنامەنووسێك لەڕۆژنامەی (یویس تودەی) دەڵێ: ڕۆژنامە لەکاتی ئێستادا 1500 کاری لەدەست داوە ڕێژەی کار گەرانی لەدابەزینە، چونکە نزیکەی یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار خوێنەریشی لەدەست داوە.

"چارلس ئاتیکس" نوسەر لەبەشی هەواڵ لەڕۆژنامەی "ریبون" دەڵێ ڕۆژنامە 12–24 کاتژمێر دەبێ چاوڕوان بیچت تا هەواڵێك بڵاو دەکاتەوە بەڵام لە ویب سایتەکان پێویست بەم هەموو چاوەڕوانیە ناکات.

"مارك لوکا سەویسز" نوسەر لە بەشی هەواڵی ئێن بی سی سەبارەت بە کات دەڵێ ئەوان دەزانن زۆر جێگەی تریان هەیە بە دەست کەوتنی زانیاری بۆیە چاوەڕوانی ڕۆژنامەکان ناکەن. یان لەسەر ئەوە ناوەستن تا گوێ لەهەواڵێکی تەلەفزیۆنی ئێواران بگرن.

ئەو چەند بۆچوونەی سەرەوە، تائێستا لەکوردستان نابێتە جێگای گفتوگۆ قسە لەسەرکردن لەبەر ئەوەی ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت لەو ئاستەدانیە. جەماوەر بە شێوەیەکی فراوان لەگەڵ ئەنتەرنێت و شێوەکانی بەکارهێنانی گرفتی هەیە. لەهەمان کات، ئەستەمە کە خوێنەری کورد بە ئاسانی دەست بەرداری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بێ لەبەر ئەوەی تاکی کوردی لەژیانی ڕۆژانەیدا کاتێکی زۆر بە فیڕۆ ئەدات بەبێ ئەوەی بتوانێ ئەو کاتە بۆ وەرگرتنی زانیاری بقۆزیتەوە سات لەدوای سات هەواڵ و زانیاری تازەو هەواڵی گەرماو گەرم وەرگرێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش میدیای کوردی سەرەڕای ئەوەی کە نەی توانیوە وەك پێویست سود لەتەکنەلۆژیای نوێ بەتایبەتی ئەنتەرنێت وەربگرێ. بگرە بە چاوێکی سوکیش سەیری ئەو بابەتانە دەکات کە لەسایتەکانی ئەنتەرنێت بڵاودەبنەوە بۆیە زۆرێك لەو کارمەندانەی بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن ئەنتەرنێت بە زبڵدانی ناوزەد دەکەن. چونکە لایان وایە کە هەموو بابەتێك بڵاو دەکرێتەوە بە بێ ئەوەی دەستی سانسۆر بیانگاتێ لەهەمان کاتیش. ئەو کەسەی لەسایتەکانی ئەنتەرنێت دەنووسێ زۆر سەربەستانە تر ڕاکانی خۆی دەردەبڕێ بەڵام ئەگەر بابەتێك لەڕۆژنامەیەکی تەقلیدی کاغەزی بڵاو بکاتەوە، بێ گومان دەبێ لەچەندین فلتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی دەرباز بێ ئینجا شانسی بڵاوکردنەوەی دەبێ ئەوەشی بەدڵنیاییەوە بە چەندین گۆرانکاری.

ڕەنگە وای لی بێت کە بابەتە مانا جەوهەرییەکەی لەدەست بدات. چونکە بەم هەموو فلتەرانە دەربازی بێت ئەستەمە وەك خۆی بگاتە خوێنەر ،بەڵام بۆ چەند ساڵی ئایندە خوێنەری کوردیش ئاشنایەتیەکی زۆر لەگەڵ ئەنتەرنێت پەیدا بکات. بێ گومان زۆری بەکارهێنەرانی ویب سایتەکان، بازاڕی ڕۆژنامەی کاغەر کەمتر دەبێتەوە تادێ مەرگی نزیك دەبێتەوە پرسیارەکە لەوەدایە ئایا دەمرێ، یان هەروا بەرەزیلی دەمێنێتەوە .

سودم لە:

وتارێك نوسەرو ڕۆژنامەنوس غازی حەسەن وەرگرتوە . کە لە سایتی کلاورۆژنە بلاو بۆتەوە